کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 15:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هانایێک بۆ بە هاناهاتووەکانمان! ... عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین
2007/04/16

ئەوەی لە کوردستاندا بژیت، دەزانێت چۆن لە کاتی ئێستادا ژیانی جوتیاری کەوتۆتە پەلەقاژەی مەرگ و لەناوچوون. لە مێژووی راونان و چەوساندنەوەی گەلەکەماندا جوتیاران پەناگای سەرەکی ژیانی گەلەکەمەن بووینەو هەمیشە بە بەرهەمەکانیان بە فریای گەلەکەمانەوە کەوتوون. هەر بۆیەش رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ هەموو نەخشە چەپەلەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی دژی ژیانی جوتیاریی کوردستان و لادێکانی کوردستان بەکارهێنا.



بە داخەوە لە دوای ئازادی کوردستان، رۆژ بە رۆژ، چ بە هۆی دابەشکردنی ئازووقە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی بەرنامە نەوت بەرامبەر خۆراک و، چ بە هۆی چاولێکەری بێ لێکدانەوەی سیاسەتی بازاڕی ئازاد، بەروبوومی جوتیاری کورد هیچ نرخێکی پێ نەدراو وردە ژیانی جوتیاریی لە کوردستان بەرەو نەمان و پوکانەوە هاتووە.

لە کاتی ئێستادا هیچ شار و شارۆچکەیەکی کوردستان نیە، کە بەرهەمەکانی جوتێریی تورکی و ئێرانی و سووری و ولاتانی تری نەگاتێ، تەنانەت پیاز و تور و تەماتەو هێلکەو ماست و پەنیر و شیر و... هتد ی ئەو ولاتانە هەموو فرۆشگاییکی کوردستانیان داگیرکردووە. کەس پولێک بە بەرهەمی جوتیارانی کوردستان نادات... ئەمە گوناهێکە بەرامبەر جوتیارانی کوردستان دەکرێت و هەڵەیەکی سیاسییە بەرامبەر بنخانی ئابووری کوردستان. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی جوتیاریی لە کوردستان، وەک چۆن بەعس نەخشەی بۆ کێشا بوو، بە تەواوی وێران بێت و هەتا هەتا هاونیشتمانیانی کوردستان بۆ نان و ماست و پەنیر و هەنگوێن و هێلکەو بەرهەمەکانی تری ژیانی جوتێریی... چاویان لەدەستی دەرەوە بێت

چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارە بکەین؟

لە سیستەمە بازاڕی ئازاد، ئەم کێشانە تووشی هەموو ولێتێک دەبێت، ولاتانی ئەورووپیش ئەم کێشەیان بەرامبەر یەکتری هەبووە، بەلام ئەوەن چارەسەرییان بۆ دۆزیوەتەوە. ئەم کێشەیەش لە کوردستان کێشەیەک جیددی و پرسێکی زۆر گرنگە، پەیوەندی بە پاشەرۆژی ژیانی گەلەکەمانەوە هەیە، گەرەکە سیاسەتمەدارانی کورد و زانایان بە هەندی وەربگرن و خۆیان پێوە خەریک بکەن!

دیارە شیکاری ئەم پرسە نابێت دژی سیاسەتی ئابووری بازاڕی ئازاد بووەستێت، بۆ ئەمەش دوو شیکارمان بە خەیاڵدا دێت، کە لێرەدا دەیانخەمە بەرچاوی دەسەلاتدارانی کوردستان:

چارەسەری ئەم کێشەیە بەوە دەبێت کە بەرهەمی جوتیارانی کوردستان لە بازاڕەکان بفرۆشرێن و نرخیان بدرێتێ، ئەم ئامانجە دژایەتی نیە لەگەڵ سیاسەتی بازاڕی ئازاد. وە دەکرێت بەم رێگایانەی خوارەوە بێتە دی:

1. هێنانی ئەو بەرهەمە جوتیاریانەی کە لە کوردستاندا بەبەرهەم دێن وەک دانەوێڵە، تەماتە، پیاز، شوتی، بەرهەمەکانی شیر... هتد لە سەرسنوورەکانی کوردستان باجێکی ئەوتۆیان بخرێتە سەر، کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فرۆشیاران ناچار بن بۆ ئەوەی قازنجیان دەستبکەویت، لە نرخێکی دیاریکراو نزمتر نەیانخەنە بازاڕ. بەکارهێنەران (هاوڵاتییان) ناچار بکرێن روو لە بەرهەمی جوتیاری کورد بکەن...

2. حکومەتی کوردستان، لە رێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ، یان وەزارەتێکی تر، وەک پرۆژەیەکی ئابووری گەورە، کۆمپانیاییێکی دەولەتیی دابمەزرێنێت کە بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت و باجەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بیانی برژێتە کاسەی ئەم کۆمپانیایە، ئەرکی ئەو کۆمپانیایە بریتی بێت لەوەی کە سالانە بە نرخی بازاڕ، تەواوی بەرهەمی جوتیارانی کوردستان بکرێتەوەو، ئەوانەی کە بۆ رۆژی تەنگانە عەمبار ناکرێن، بە شێوازێکی مۆدێرن و بە نرخییێکی هەرزانتر لە بەرهەمی بیانیی بیانخاتەوە بازاڕەکانی کوردستان و عێراق، یان بۆ دەرەوەیان بنێرێت...

ئەمە پالنەرێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئەوەی جوتیاران بە شەوقەوە روو لە ژیانی جوتیاریی خۆیان بکەنەوە...

دیارە کارێکی پێویست و ئاسانە، بۆ شیکاری ئەم پرسە، راوێژکاری لەگەڵ هەندی پسپۆری ناوخۆ ۆ بیانیی بکرێت، من مەبەستم لەم نووسینە وروژاندنی ئەو پرسە پشتگوێ خراوەیە، بۆ گەڕان بە دوای شیکارێک، چونکە کوردستان بەبێ ژیان و بەرهەمی کشتوکاڵی و جوتیاری کوردستانێکی هەمیشە چاو لەدەر دەبێت و لە کاتی تەنگانەش برسییەتی تەنگی پێ هەڵدەچنی و ناچاری ملکەچی دەکات. چونکە جوتیاران پەناگای رۆژی تەنگانەمانن!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.